# بۆکوردوستانیکی هەتیوو نەتەوەیەکی ڕەشپۆش لەئەنفالدا ❊

**پێشکەش (عارف قوربانی) خۆشەویست کەلەگەورەی ئەنفالی گەیاندم**

ڕزگارڕانگور



## سوڵتانەکان

من دەزانم ،خوێنی ئێمە لەبانکە زلەکان دراودەکات،لەوەتەی هەین وەک جۆکەرین بۆقوماری نێودەوڵەتان . بەئاگابێن گەلەکەی من بابەبەلاش نەڕوا ئیتر خوێنمان ، ،لەتەواویساڵەکانی بەرایدا، ڕەنگی قوڵ لەئێمەدا داکوترابوو ، ووێردمان دەخوێند هەموو شەوێک ،ووێردمان دەخوێند هەتا نوری خودای گەورە ڕومان تێبکات پارێزاوبین لەهەموو بەڵای ناگەهان،،لەپاداشدا هەڵەبجەتان خستە جەهەنەمەوە ، فەیلەسوف وديندارەکان ، ،مامۆستایانی سیاسەت پێمان دەڵێن ،تائەوکاتەی ژیان هەبی (هیوا دەبێ هیوانامرێ)ئێستە بیابانێک لەحەزوو ئارەزوی کوژراوی ئێمە لەبەردەم کورەی ئاگردا ڕاگیراوە ئەم دەستاڕە دەیەوێت هەڵخلیسکێین کەقامچێکەی دەستی حەجاج** شریخەی کرد بمان هاڕێت،،ئای لەبێ توانای پۆڵا زەمەن دەڕواو ، سپێدەیە سەربازە ترسنۆکەکان لەگەڵ سەگەخۆماڵیەکان بەپەڕەی زەردبووی قورئان و پۆستەری شەهیدی بەرهەیوانی مزگەوتەکان دەستی خوێناویان دەسڕن ،ئێستە ئیتر بەگومانم من لەزێدی خۆما بمرم ، پێش گرتنم چاوەکانم لەبەور دەچوون،پرچەکانم لەسیمای جوتێ ڕەشمار دەچوون ،کەچی ئێستا چاوەکانم لەم بیابانی ترسەدا ،سیمای تەرمەکان بەلێڵی نیشان دەدەن،پرچەکانم هێندە سپین لەشیری بەری دایک دەچن، ئای چەند غەریبی کەزی شانە کردن دەکەم لەبەردەم کانی گوندەکەم ئەمە ژیانی ئێمەیە مامۆستایانی جوگرافیا دەڵێن ، سێ بەشی گۆی زەوی تژی ئاوە ، کەچی بوکی گوندەکەی من لەبی ئاویا خنکاوە ، ئەی مانگە کارتۆنێکانی ئاسمانی بەرینی دنیا تەنها جارێک زومان تێ بکەن ، بەڵک و تەرمە بەختەوەرەکان تەرمەخەمبارەکانی دەم سەگە ڕەشەکان ببین و باسیان بکەن، ، ،لەبیرم دێ کەلەکێڵانی زەویەکە دەبوینەوە بۆنی خاکمان دەکرد ، کرمە زەردو سورەکانمان دەکردە میوانی خۆرمخابن زۆرجاران تەرزە نەی دەهێشت میوان داریەکە سەر بگرێت ، لەبیرم دی کەدەرگا شینەکانمان دادەخست خۆمان بەوریای سەگەکان دەسپارد ، ، ئای بۆ نیگار کێشێک ئەم دەموچاوە تۆقیوانە بکاتە تابلو بۆ مێژوو ، ، ئەشێ لەدوای سەد ساڵی تر بەملوێن دراو بکات ، ئای لەزەمانی پێش ئەنفال کەلەمێردەکانمان جیا دەبوینەوە لەتانەدا سواغ دەدراین ، کەچی ئێستا، ، بەزەبری تفەنگی جاش وسەربازی لوسکەی پێ پەتی جیامان دەکەنەوە بۆ مەرگ ، بۆمەلهاکان بۆ شەوە پەمەیەکانی سوڵتانەکان لەکامە سورەتدا خودایە فرمێسک بۆ ئێمە دەڕێژی،ئەی خوداوەند پێت وانی یە کاتی ناردنی پێغەمبەرێکی تر هاتبێت ؟ پێغەمبەرێک لەجنسی مێ تالەمانگێکدا هەفتەیەک بێ دەست نوێژ بێ، ، ، کەئیمە لەبەر خۆرابووین لەزینداندا شەیتانەکان هەنسکی وایان هەڵدەدا ، زۆرمان بەفرمێسکی شەیتان تینوێتیمان تەواو دەشکا، ، ، ، ، ،

لەناو ئەم زیندانە گەورەیەی دوای ئەنفالدا ، ئاخ بۆ سێبەری درەخت، ، خۆزگە بۆکەپری ناو باخەگەورەکە و باوەشێنی درەختێکی پیر ، خۆزگە بۆ ڕەهێڵەکانی بەهار بۆناو قەرسیلی گەنم و گوێ گرتن لەپیری سۆفی و گۆرانی کوڕانی گوندو قریوەی کچەگەنجەکان ، ، ئاخ بۆ کڵۆیەک قەندو ئاخ بۆ تۆزێ ماست و نانێکی گەرمی سەرتەنوور ، ،شەوی پێش گرتنمان سەفەرمان بەبێ دەنگیا دەکرد ،

هەواڵەکانی جەنگ گوێکانی پڕ کردبووین لەترس ، گڕی لەچەستەمان بەردابوو ، پۆلێ مردووی ترساو بوین چیمەنێک لەچک بەسەر بووین چەند قاچێکی بێ کڵاش وکۆمەڵێ منداڵی لەرزیوو و مەخلوقێکی زۆر بێ وەی بووین . کەبیر لەئەنفال دەکەمەوە ، هێشتا هەر تەپەی دڵم دێ ، شاخ بۆنی ژەهری گرتبوو (گەنمی سەوزیان بەقەرسیلی دەکردە قەرەخەرمان)*** هەر هەموومان ڕاست پێکەوە لێواو لێو بووین لەچیرۆکی پڕ سەمەرە . ئێترمن لەمەو دوا بۆ گۆڕە بی دەنگەکان دەگریم داوای دار لەئاگر دەکەم ، من لەوولاتی پرسەی بی دەنگەوە هاتوم ، لەولاتی مردوی بێ گۆڕەوە ، لەولاتی کەوڵ کردنەوە ،لەوولاتی ڕۆح کێشان و هاوار کردن بۆ کەشکەلانی فەلەک ، ئای چەند پیری کەنەفت کارم دی بەدەم گیان دەرچونەوە و چەند منداڵم دی فرمێسکی چاوەکانیان تاک و مردن وشکی نەکرد ،چەند مەمکی براوم دی لەگۆپکەکانیان شیر دەهات ، ئای چەند دایکی بەسۆزم دی تا تارمای ڕۆڵەکانی لەچاووون بوو بۆ چرکەیەک چاوانی نەتروکاند.

سوڵتانەکان

ئێمە گەلێکی بێ وەی بوین ، ، لاشەی تانکە کانمان دەکردە قوتابخانەی منداڵانمان کەلاکی زیلی سوتاومان دەکردە باخچەی ساوایان ، لەقەوانی تۆپەکانتانا گوڵمان دەچاند ، بەلەوحی پایەگاکانی جێتان دەهێشت جۆگەلەمان بۆباخچەکانی بەهەشت دەگواستەوە.تاهەنارە مێخۆشەکان، تاهەنجیرەکەی لەقورئانا باسی دەکرێت تێر ئاو بخوات لەتینوێتی ڕزگاری بێت ، دەی عیسا گیان مەڕێک بنێرە تەنها جارێک سەگەڕەشەکان با تێربن باتاکە لاشەیەکمان ئارام بخەوێ لەناو ئەو فەرشی لمەدا لەو بەرخۆرە ،، مردن چیە ؟ دڵمان لێ ی دەدا بۆ مردن ،ئای مردن گیان بمان گەرێ تاک و زیاتر ئاسودە بین ، ئائەمەیە ڕۆژی حەشر کەمەلای دی لەخوتبەی ڕۆژی هەینیدا ، لەگۆڕستان لەشایدا ، لەدیوەخانە گەورەکان باسی دەکرد ، ئای مەلاگیان بەبەر چاومەوە چۆن مردی،ئایەتەکانی سەر سنگت بەوگەرمایە باڵیان دەگرد وەک پەپوولە ڕوەو ئاسمانی بەرین بۆلای خوداوەند ، ئێمە لەکوێوە دێین لەکوێ؟

وابەم ڕەنگە بۆنی مردمان گرتوە، ئێمە گەڕاین تاک و خۆمان بدۆزینەوە ،تاوانمان کرد گۆڕستانی دێمان جێهێشت ، ئیمەی سپڵە هەرزوو گۆڕەکانمان سپارد بەباران بەتاریکی بەدار بەڕۆکەی ناوگۆڕستان، بەشەخسەکەی ئەسحابەبوو پێش چەند سەدە بۆ ئەنفال ئەویش لێرەوە گوزەر ببوو،کێ هەیە لەم بیابانەدا کەهەموو شت تیا مردوە عاشق ببێ ؟ من گومانم ئیتر نەما بۆ موتوربە کردن لێرە کۆکراوینەتەوە موتوربە لەگەڵ بیابان .لەگەڵ تفەنگ ،خوێن، مەمکی براو شەڕوال ،پێڵاوی لاستیک نەعلێ ژنان ،سەرپۆشی دایکم قەڵای بەر خۆر ،سەگەڕەشە بێ شەرمەکان و لەگەڵ قامچی دەستی حەجاج،، ، سوپاس خوایە ئەمەوولاتی (آبن خەلدون)ە ئەمە گۆڕەکەی (آبن سینای)ە ئەمەپاسەوانەکانی حامورابین ، ئیتر ئێرە فەنابوونە زیندوو بوونەوە و ڕۆژی حەشرو حەزرەتی یەقین لێرەیە ،،ئای کەمهرەبانی خودا ئەم ماڵە گەورە پڕدەنگە پڕلەزایەڵەو هاوارە ،سیمای پەرێشانی دڵەو لەلاشەی مردو بێزارە ، ئێمە گوناهبارێکی بێ گوناهین خودایە،ماسیەکم ڕوەو هەوراز ئاوشەق دەکەم هەڵۆیەکم جارێکی تر چیاکەی خۆم جێ ناهێڵم ، تفەنگێک هەڵ دەگرم لەشەڕدا شەرمەزارم نەکات ، لەدوای ئەنفال ئیتر ئێمە سادە نابین، جارێکی دی دەست بەرداری مرواریەکانی دەریابین ،بەدوای فردۆسی وونبودا ناگەڕێین . لەمیعراجێکدا زکر ناکەین گومانمان لەمومی داگیر ساو بۆنی بوغورد هەبێت ،کێ گەواهی بۆ ئێمە دەدات لەدادگا ؟تفەنگ ،غودە، خوێن سەمونی ڕەقی وەک بەرد،ئاوی سوێری گەرم .بیابان و لم ،سەگی ڕەش ،مەمکی براو ،یان قامچیەکەی دەستی حەجاج ؟

خودایە ئێمە گەلێک بووین پشتمان بەسۆزی تۆ بەستبوو ، خودایە ئێمەی عارف مەست بوین ، مەفتون بووین ،سەرسام و کاس بووین ،فەنابووین لەحەق کەچی ئێستا لەبچوکترین نهێنی خودا نەگەشتین ، سوڵتانەکان دەتان زانی لەکوردستان لەم مەڵبەندە ،هەزارەها دڵدار چاوی بڕیبۆ خۆر بۆواتان کرد ؟ ئێمە لەپێخەفی خۆمانا ئێوەی سوڵتانمان دەخەواند لەم وولاتی دارگوێزەدا ،، سوپاس خوایە ئێمەی

عارف بەسانای نەدەگەشتینە ئەم جێگەیە ،خۆش بەختانە ئەوە گەشتینەلای (عەلی) پێمان نالێیت چ مناجاتێک باشە بۆئەم زکرەی ئێمە لەگەڵ پاشای دەسەڵاتا ،،؟
ئای کەگەلێکی بێوەی بووین سوڵتانەکان ، ئێستاش گوێ لەدەنگی زەوی دەگرم بەم پیریە ،گوێم بۆترپەی باران شل کردوە بەم پیریە ،گوڵەگەنمی زێڕین بۆن دەکەم بەم پیریە ،، پشتم کۆم بوە چاوەکانم لێڵ بوە دەستەکانم دەلەرزێن توانایی قسەم نەماوە بەڵام هەر لەچاوەڕوانیدام بەم پیریە ،ئێمە بوینە قوربانی بوختان .
خودایە سەبوریم بدە ،حاشاناکەم لەحزورتا من لەکەرنەڤالی خوێندا کەبەشدار بووم
خودایە سەبوریم بدە دواپرسیارم هەرئەوەیە،تۆلەکوێ بووی لەڕۆژەکانی ئەنفالدا ؟

2007یەنیوەری

---

* لەدوای خوێندنەوەی هەرسێ بەرگی (شایەت حاڵەکانی ئەنفال) ئەم پەخشانە نوسراوە.
**حەجاج جەلادێکی بێ هەست بوە لەنوگرەسەلمان
*** ئەم ڕستەیە ئافرەتێکی ئەنفال کراو کەخەڵکی هەڵەبجەیە دەیڵێت،